# چۆن بزاندرێت هاندی مۆبایلەکەتان ئەسڵییە؟

لەم رۆژانە هاندەکانی مۆبایل ئەوەندە زۆر بوونە کە لێك جیاکردنەوەی هاندی ئەسـڵی و عادی یان بەدەل بەواتایەکی دیکە سـاختە دژوارە، بەتایبەتی کە هەندێك کۆمپانیای چینی هەوڵیانداوە هاندێك بەرهەم بێنن کە بە مووش لەگەڵ هاندە ئەسڵییەکە جیاوازی نەبێت، هەربۆیە هەوڵ دەدەین چەند خاڵێك لەبارەی جیاکردنەوەی نێوان هاندی ئەسڵی و عادی باس بکەین. بەر لە هەموو شتێك دەبێت ئاگاداری تایبەتمەندییەکانی هاندە ئەسـڵییەکە بیت بۆ ئەوەی کە بزانی چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان عادی و ئەسـڵییەکەدا. ئەو خاڵانە زۆر گرنگن کە بیانزانی: هاندی عادی لەباری کێشەوە قورسترن لە هاندی ئەسڵی. سایز و قەوارەشیان جیاوازیی هەیە. هاندی عادی و (ساختە)دا ئەستوورترن و شاشەکەیان هەندێك بچووکترە، لە کامێرادا بەباشی هەستی پێدەکرێ، چونکە کامێرای هاندی عادی و ساختە کوالیتی زۆر نزمە. شاشەکەشیان کوالیتی زۆر لە خوارێیە و بە باشـی هەسـتی پێدەکرێت. هەر هاندێك کە نیازتە بیکڕی، لەسەرەتادا دانەیەکی ئەسڵیت پێ بێت بۆ ئەوەی کە بە وردی پێکەوە بەراوردیان بکەی، دواتر هەوڵ بدەن کاتێك نیازتان هەیە هاندێك یان تەبلێتیکی ئەسڵی دەکڕن، بچن لە کۆمپانیاکەی خۆی یان نوێنەری کۆمپانیاکە بیکڕن و یان لەو شوێنانە بیکڕن کە بەڕاستی ناسراون نەك ئەوانەی لەسەر شەقامەکان دایان ناون.

## چاوخشاندنێک بە لێنزی زیرەکی سۆنی



کۆمپانیای سۆنی ژاپۆنی کە یەکێکە لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەم هێنانی ئامێری دیجیتالی نوێ و پێشـووتریش لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێری ئەلکترۆنیدا مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە، سـاڵی رابردوو گەشـانەوەی زیاتری بەخۆیەوە دی و بەجۆرێك کە گۆڕانکارییەکی جددی لە بواری وێنەگرتن بە کامێرای مۆبایلـدا هێنایە ئاراوە. لێنز (lens) واتە عەدەسـەی جۆری QX بۆ وێنەگرتن بە مۆبایلی کامێرا بەرهەم هێنا. لێنزەکانی QXی سۆنی لەراستیدا بۆخۆیان کامێرایەکی پێشکەوتوون، تەنیا ئەوەندەی هەیە شاشەیان نییە بۆ سەیرکردنی دیمەنەکان، بەڵام بەبێ وایەر بە مۆبایلە هۆشـمەندەکانەوە و پەیوەند دەدرێن و کوالیتی ئەو وێنانەی بە مۆبایل دەگیردرێن چەندین بەرابەر دەکات، گرنگ نییە کامێرای مۆبایلەکەت چەند میگاپیکسلە و کوالیتی بـەرزە یان کەم، بەڵکو بەهـۆی ئەو لێنزانەوە کوالیتی وێنەکان دەبن بە پرۆفیشـنال و وەك وێنەگرێکی پیشەییت لێدێت. لێنز واتە عەدەسەکان دوو جۆرن (QX10، QX100) جۆری یەکەمیان بچووکترە لەوەی تریان و هێزی گەورەکردنەوەی کەمترە، بەڵام جۆری دووەمیان واتە QX100 کوالیتی زۆر لەسەرێیە و وێنەکە سەد بەرابەر نزیك دەکاتـەوە. خودی لێنزەکەش دەتوانێ وێنەبگرێت و بە سیسـتەمی بێ وایـەری وای-فای بۆ مۆبایل یان تەبلێتی بەرێ بکات، کوالیتی وێنەکانیش 18 میگاپیکسلە.



## ئامێرێک مۆبایلەکەت لە میکرۆب و بەکتریا پاک دەکاتەوە




# کۆمپیوتەرێکی بچووک بە سلایدشۆیەکی تایبەتەوە




کۆمپیوتەرە زەبەلاحەکان کە بە کۆمپیوتەری دیسکتۆپ یان سەر مێز ناسراون بەرەبەرە بچووك بوونەتەوە، بە جۆرێك کە دەکرێت لە جانتایەکی بچووك بخرێن و بچووکتر بن لە لاپتۆپێك. کۆمپانیای گیگابایت لە چێکردنی کۆمپیوتەری سەرمێزی بچووك لە ریزی پێشەوەدایە، لەم رۆژانەدا نوێترین کۆمپیوتەری سەرمێزی بەناوی Prix چێکردووە کە بە Brix projector ناسراوە، تایبەتمەندییەك کە ئەم کۆمپیوتەرە لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە بوونی داتاشۆیەکی بچووکە کە شوێنی شاشەی دەگرێتەوە، بەکارهێنەر دەکرێت لەبەری شاشە لە پرۆژکتەر واتا داتاشۆیەکە سوود وەربگرێت. ئەم کۆمپیوتەرە دەکرێت بۆ نیشاندانی پرۆژە گرنگەکان، بۆ قوتابخانە و زانکۆکان و تەنانەت بۆ نیشاندانی فیلم لەکاتی سەیراندا سوودی لێوەربگیردرێت. مەودای نیشاندانی داتاشۆیەکە دەکرێت لە دوومەتر زیاتر بێت و کۆمپیوتەرەکە ببێتە سینەمایەکی بچووك. داتاشۆیەکە دەکرێت بە جیاش هەڵبکرێت و بەبێ ئەوەی کە کۆمپیوتەرەکە هەڵبکرێت، تەنانەت دەکرێت لە ئامێری دیکەش بخرێت. گشت تایبەتمەندییەکی کۆ مپیوتە رێکی پێشکەوتوو لەم کۆمپیوتەرە بچووکەدا دەبیندرێت. رامەکەی 2 گیگابایتە. خێراییەکەی 1600 میگاهێرتزە و سیتسەمی وای فای و بلوتوسی هەیە.

بەر لە مۆبایل دەگوترا پارە بەهۆی ئەوەی کە دەستاو دەست زۆر دەکات مەکۆی بەکتریا و میکرۆبە، بەڵام ئێستا دەگوترێت هاندەکانی مۆبایل شوێنیان گرتۆتەوە. لەم رۆژانەدا ئامێرێك بەناوی PhoneSoap بەرهەم هاتووە، کە هەم هاندەکەت شەحن دەکاتەوەو هەم لە میکرۆب و بەکتریا پاکی دەکاتەوە. ئەو ئامێرە بە سوود وەرگرتن لە تیشکی UV لەگەڵ ئەوەیدا مۆبایلەکە شەحن دەکاتەوە لە گشت ڤایرۆس و میکرۆبێکیش دەسڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەیدا ئامێری PhoneSoap شوێنێکیشە بۆ دانانی مۆبایلەکەت. تەنانەت گەر مۆبایلەکە لەناو سندوقچەی PhoneSoap دابێت و زەنگ لێبدات ئامێرەکە ئاگادارت دەکاتەوە.




# خێراترین شەحنکەرەوە لە جیهاندا

شـــەحنکردن و بارگاوی کردنی ئامێرە دیجیتالییەکان تەنیا گرفتێکی ئەو ئامێرانەیـــە کـــە بە وزە کار دەکەن، کێشـــەکە هەر ئەوەندە نییـــە بەڵکو چەند ئامێرێکـــی دیجیتالیت هەبێـــت وەك مۆبایل، کامێـــرا، تەبلێت...تاد. هەرکام پێویســـتی بە شـــەحنکەرەوەی خۆی هەیە. هەر بۆیە چەند شـــارەزایەکی بواری ئایتی ئامێری All-Dock یان داهێناوە کە لە کەمتر لە کاتژمێرێکدا چەندین ئامێر پێکەوە شەحن دەکاتەوە و هەرچەندە ئامێرێکە هیچ جێگەی کێبڵی نییە، بەڵام شوێنی دانانی زۆربەی ئامێرەکان لەخۆیدا هەیە. شـــەحنکەرەوەکە لە ســـێ سایزدا چێکراوە و چوار کەلێنی USB هەیە.

لەبەر ئـــەوەی کە زۆربەی وایـــەرەکان کەوتوونەتە ژێر شـــەحنکەرەوەکە و نابیندرێن، ســـتایلێکی ســـەرنج راکێشـــی هەیە، بەتایبەتی کە چەندین ئامێر پێکەوە شەحن دەبنەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت فۆنتی unikurd چییە و چ جیاوازییەکی هەیە لە گەڵ فۆنتی دیکە؟

خوێنەری بەڕێز فۆنت ئەو کاراکتەرانەن کە بۆ نووسینی هەر زمانێك بە کۆمپیوتەر سوودی لێوەردەگیرێت. ئێمە شتێکمان نییە بەناوی فۆنتی unikurd بەڵکو فۆنتی unicoodeمان هەیە واتە کۆدی جیهانی بۆ خوێندنەوە و نووسین، دواتر چەند کوردێکی شارەزای زمانی فۆنت نووســـین هاتن لەســـەر شێوازی فۆنتی یۆنی کۆد، فۆنتی یۆنی کوردیان دانا، نووسین بەم فۆنتە لەسەر شێوازی کۆدی جیهانییە واتە ئەگەر تۆ بەو فۆنتە بنووسی لەسەر هەر کۆمپیوتەرێك لە جیهاندا ئەگەر فۆنتی کوردیشی تێدا نەبێت دەتوانرێت بخوێنرێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر تۆ بابەتێك بۆ کوردێکی ئەوروپا یان ئەمەریکا بنێری ئەگەر کۆمپیوتەرەکەی ئەو فۆنتی unikurdیشـــی لەســـەر نەبێت دەتوانێت بیخوێنێتەوە، چونکە ئەم فۆنتانەی یۆنی کورد بە زمانی کۆمپیوتەر نووسراون و جگە لە فۆنتی unikurD فۆنتەکانی dilanیش هەر ئەم کارە ئەنجام دەدەن.

## ئاوێنەی ســـ




کۆمپانیـــای LG بەبـــێ ریـــکلام لـــەو چەنـــد ســـاڵەی دواییدا بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە، تاکو ئێستا بەرهەمگەلێکی زۆر لـــەو کۆمپانیایـــە کەوتوونەتە بـــازاڕەوە کە گۆڕانکاری بەســـەر جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا هێناوە وەك، تەلەڤزیۆنی چەماوە، شاشـــەی مۆبایلـــی تایبەت و چەندین ئامێری دیکە کە هەر ئەم ســـاڵ لەلایەن کۆمپانیای ناوبراو کەوتنە بازاڕەوە. بەم دواییەش ئاوێنەیەکی ســـیحری دیجیتالی بەرهەم هێنا کە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو ئاوێنە دیجیتالییانـــەی کە تا ئێســـتا جارجارە لەو لاپەڕەیـــەدا ئاماژەمان پێ کردوون.




# کتێبخانەی ئەلکترۆنی سلاید

هەرچەنـــدە بەو ئامێرە دیجیتالییەی کە تایبەتە بـــە خوێندنەوەی کتێب، بە کتێبی ئەلکترۆنـــی ناســـراوە، بەڵام من لە وەرگێڕاندا هەمیشـــە بە کتێبخانـــەی ئەلکترۆنی دەینووسم، ئاخر ئامێرێك کە هەزاران کتێب لەخۆیدا هەڵبگرێت و بە ویستی خۆت حەزت لە چ کتێبێك بێت لە ئامێرەکەدا دایبنێی، ئەمە کتێب نییە بەڵکو کتێبخانەیە!

هیچ شتێك لە جیهانی دیجیتالیدا بەقەد خوێندن و نووسین خزمەتی پێنەکراوە، یەکێك لەو ئامێرانەی کە دەیەیەك زیاترە لە خزمەت خوێندنەوە دان، کتێب یان کتێبخانەی ئەلکترۆنییە، لەم دواییـــەدا نوێترین کتێبی ئەلکترۆنی بەناوی (eRooll) بەرهەم هات کە دەکرێت وەك کتێبخانەی داهاتوو سەیری بکرێت.


(eRooll) لە ستایل و لەکارکردندا لە هیچ کتێبخانەیەکی ئەلکترۆنی ناچێت، چونکە بە ئاسانی سوودی لێ وەردەگیرێت و هەڵگرتنیشی زۆر ئاسانە. لەم کتێبخانەیەدا شاشەکە تەنکە و دەنووشتێتەوە، هەرچەندە هەتا ئێستاش بە فرەیی بەرهەم نەهاتووەو تەنیا بۆ تاقیکارییە، چونکە کۆمپانیای بەرهەمهێن نازانێت بەشێوەی لەمسی یان بەشێوەی دوگمەیی بیخاتە بازاڕەوە. بەڵام بەڕاستی چ بە دوگمەیی بێت و چ بە شێوەی لەمسی گۆڕان بەسەر جیهانی کتێبی کاغەزدا دێنێت و ڕەنگە هەر ڕایبگرێت.

# سایتێک بۆ چێکردنی سەرجەلەی بنەماڵە



حەز دەکەی سەرجەلەیەك بۆ بنەماڵەکەت چێ بکەی و بزانی تۆرەمە و بنەچەکەت کێیە؟ سەرجەلە ئەوەی بە عەرەبی پێیدەگوترێت (شـــجرە العائلە) یان وەك ئینگلیزییەکەی tree family. بۆ چێکردنی سەرجەلە چەند سایتێك و و چەندین پرۆگرام هەن کە ئەم ئەرکە ئەنجام دەدەن، یەکێك لە باشترین سایتەکان کە ئەم ئەرکە ئەنجام دەدات و دەتوانیت بە دانانی ئەکاونتێك بۆخۆت لەم ســـایتەدا سەرجەلەیەك چێ بکەی ســـایتی MyHeritage.com ئەم سایتەکە خزمەتگوزارییەکەی بە زۆربەی زمانی زیندووی جیهانە و دەتوانیت ئەو زمانەی مەبەســـتە هەڵبژێری. ســـایتەکە هەر نەبەستراوەتەوە بە چێکردنی سەرجەلە و بەڵکو زۆر خزمەتگوزاری دیکەشی تێدایە.

# ـــــیحری LG



ئاوێنەیەکـــە لە شاشـــەیەکی 55 ئینجی پێکهاتووە کـــە دەکرێت لە دیواری ماڵەوە یان ســـوپەرمارکێتێك بدرێت. کاتێك شاشەکە دەکوژێتەوە ئەوە شاشـــەکە دەبێتە ئاوێنـــە، بەڵام لەوکاتەی کە پێکـــراوە و هەڵبووە چەندین تایبەتمەندیی گرنگ لە خۆی دەگرێت، بە ڕاوەســـتان لە ئاست شاشـــەکە دەتوانـــی وێنەیەکی تەواوی خۆت بگریـــت واتە وێنەیەك لە هەموو لایەکەوە نیشـــانت بدات. هەروەها ســـوپەرمارکێتەکان دەتوانن بۆ تێستکردنی بەرهەمەکانیان لەو ئاوێنەیە سوود وەربگرن. لەگەڵ ئەوەیدا هێڵی ئینتەرنێت وەردەگرێت، دەکرێت یادداشـــتەکان لەســـەر شاشـــەکە بنووسی، هەروەها ڕۆژمێر و کاتژمێرێکی سەرنج ڕاکێشیشە.